دوو کۆمەڵ لە ئەهلی دۆزەخن و نەم بینیون : کۆمەڵێک قامچیان پێیە وەکو کلکی مانگا وایە و لە خەڵکی دەدەن، وئافرەتانێک پۆشتەن بەڵام ڕووتن وخۆیان خراپەکارن وبانگخوازیشن بۆ شەڕ وخراپەکاری

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «دوو کۆمەڵ لە ئەهلی دۆزەخن و نەم بینیون : کۆمەڵێک قامچیان پێیە وەکو کلکی مانگا وایە و لە خەڵکی دەدەن، وئافرەتانێک پۆشتەن بەڵام ڕووتن وخۆیان خراپەکارن وبانگخوازیشن بۆ شەڕ وخراپەکاری، قژیان وەکو کۆپارەی سەر پشتی وشتر لار بووەتەوە؛ ناچنە بەهەشتەوە، وبۆنی بەهەشت ناکەن، وئەگەرچیش بۆنی بەهەشت لە دووری ئەوەندە وئەوەندە (دووریەکی زۆرەوە) دەکرێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هۆشداری دەدات سەبارەت بە دوو چین لە خەڵکی لە ئەهلی دۆزەخ ؛ کە ئەو نەی بینیون ولە سەردەمی ئەودا بوونیان نەبووە، بەڵکو لەپاش ئەو دێن: کۆمەڵی یەکەم: کەسانێك قامچیان پێیە وەکو کلکی مانگا درێژە، و لە خەڵکی دەدەن، ئەمانیش پاسەوان ویارمەتیدەرانی ستەمکارانن کە بە ناهەق لە خەڵکی دەدەن. کۆمەڵی دووەم: ئافرەتانێک پۆشاکی خۆپارێزی وشەرمیان فڕێداوە ؛ کە مێینە لەسەر پۆشینی دروستکراوە. وەسفی کردن بەوەی: پۆشتەن لە ڕوکەشدا، بەڵام ڕووتن لە ڕاستیدا چونکە پۆشاکێکی تەنکیان لەبەرە کە وەسفی لاشەیان دەکات، وبەشێك لە لاشەیان داپۆشیووە وبەشێکی تری ڕووتە؛ بۆئەوەی جوانیان دەربخەن، دڵی پیاوان بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشن بەهۆی ئەو جۆرە پۆشاکە وخۆ بادانیان لەکاتی ڕێکردن، ولار کردنەوەی شانەکانیان، وخەڵکی بەرەو لادان وخراپە بانگ دەکەن کە خۆشیان تووشی بوون. ولە سیفەتەکانیان: قژیان وەکو کۆپارەی سەر پشتی وشتر لار بووەتەوە، قەبارەی سەریان گەورە دەکەنەوە بەهۆی پێچانەوەی شتێك بەدەوریدا، وچواندنیان بە کۆپارەی سەر پشتی وشتر بەهۆی ئەوەیە قژ وپەلکیان بەرز کردووەتەوە بۆ سەرەوە، پاشان لەسەرەوە پەلکیان لار دەکەنەوە بۆ خوارەوە وەکو لاربوونەوەی کۆپارەی سەر وشتر بۆ لایەك. ئەو ئافرەتانەی ئەم سیفەتانەیان تێدا بێت ئەوا هەڕەشەی تووندیان لێکراوە بەوەی ناچنە بەهەشتەوە، وبۆنی ناکەن ونزیکیشی نابنەوە، هەرچەندە بۆنی بەهەشت دەکرێت لە دووریەکی زۆرەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8903